






حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلان دانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان


# ڕاپۆرتی کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان

## 2013


بەشی ئاماری کشتوکاڵ / نیسانی 2015

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلان دانان**

**دەستەی ئاماری هەرێم**

# ڕاپــۆرتی کێڵگەکانی پـــەلەوەر

# لە هەرێمی کـــوردستان

# 2013

**بەشی ئاماری کشتوکاڵ**

**نیسانی 2015**

© نیسانی 2015
مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
لەکاتی لێ وەرگرتنی زانیاری لەم ڕاپۆرتە تکایە ئاماژە پێی بکە وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیار کراوە
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، 2015 ، بەشی ئاماری کشتوکاڵ - ڕاپۆرتی کێڵگەکانی پەلەوەر 2013- هەرێمی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە :
ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی www.krso.net
تەلەفون: 9170 255 66(0) 964+
ئیمەیل: Contact@krso.net

زنجیرە 37

**به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

## پێش ووتار

**ئەمرۆ لە جیهاندا، بەخێوکردنی مریشك بایەخی زۆری هەیە کە بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دابین کردنی پرۆتین و پێداویستی مرۆڤ. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی گرنگ کە لە تایبەتمەندیەکانی مریشکدا بەرجەستە بووە. هۆکارەکان بریتین لە: خێرایی گەشەکردنی مریشك ، گەرانەوەی سەرمایە بەلایەنی زۆر بۆماوەی سێ مانگ، بوونی مەجالێکی فراوان بۆ بەخێوکردنی ژمارەیەکی زۆرتر بە بەراوورد لە گەڵ بەخێوکردنی ئاژەڵ و تووشبوونی بە زیانێکی کەمتری ئابووری لە کاتی ئەگەرەکانی مردن ئەم هۆکارانە بایەخی بەخێوکردنی پەلەوەری لە رووی ئابووریەوە لە جیهاندا زۆرتر کردووە.**

**لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی ناوخۆی لە گۆشتی مریشك و هێلکە هێشتا نەگەیشتووە رێژەیەکی گونجاو کە پێداویستی ناوخۆی هەرێم دابین بکات. بۆ ئەمەش هۆکاری جیاواز هەیە کە لایەنی پەیوەندی دار و خاوەن کێلگەکان تێیدا بەرپرسیارن. گرنگترین هەنگاو بۆ ئەوەی ئەم کەرتە لە گەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەم لە رووی چۆنیەتی و چەندایەتی بەرهەم هاوسەنگ بێت، رێکخستنەوەی ئەم کەرتەیە لە چوارچێوەیەکی زانستی و گۆرینی سیستەمی کۆن بە سیستەمێکی پێشکەوتوو لە هەموو قۆناغەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر، بۆیە لێرەدا پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەنگاوی چارەسەر و چاکسازی خێراتر بکات بۆ دابین کردنی پێداویستی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری هەمەلایەن بۆ دامەزراندنی کێلگەی پێشکەوتوو و مۆدێرن.**

**لە ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 890 کێلگەی مریشکی گۆشت و 7 کێلگەی عەلەشیش و 5 کێلگەی مریشکی هێلکەی خواردن بەرهەمیان هەبووە کە بەشێك لە بەرهەمەکانی مریشك و هێلکە بۆ خوارووی هەرێم رەوانە کراون لە کاتێکدا هێلکەی خواردن لە ئێران و تورکیا هاوردەی هەرێم دەکرێت.**

**ئەمەی پێویستە بوترێت زۆر روون و ئاشکرایە کە گەشەی خێرای دانیشتوان و پێویستی مرۆڤ بۆ پرۆتین بایەخی ئەم کەرتەی زیاتر کردووە. لە کاتێکدا بەرهەمی گۆشتی مریشك لە هەرێم بۆ ساڵی 2013 نزیکەی 99368 تۆن خەملێندراوە بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەر لە هەمان ساڵدا بە پێ داتای وەزارەتی بازرگانی، 62576 تۆن گۆشتی مریشك هاوردەی هەرێم کراوە کە دەکاتە نزیکەی 63% ی بەرهەمی ناوخۆ، بۆیە پێویستە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمی خۆماڵی کە سەرئەنجام کاریگەری باشی دەبێت لە سەر ئابووری وولاتەکەمان.**

**سیروان محمد محی الدین**

**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم**

## ناوەڕۆك

پێش ووتار ........ I
لیستی خشتەکان ........ III
لیستی نەخشەکان ........ III
1. پێشەکی ........ 1
2. ئامانجی ڕاپورت ........ 2
3. سوودەکانی ڕاپۆرت ........ 2
4. ڕێبازی ڕاپۆرت ........ 3
1.4 شێوازی ئەنجامدانی رووپێو ........ 3
2.4 ماوەی ڕووپێو ........ 3
3.4 کادری ڕووپێو ........ 3
4.4 شی کردنەوەی داتا ........ 3
5.4 فۆرمی ڕووپێو ........ 3
5. چەمکەکان ........ 4
6. یاساکان ........ 4
7. ئەنجامەکانی ڕووپێو ........ 5
پاشکۆ: فۆرمی رووپێوی کێلگەکانی پەلەوەر2013 ........ 23

## لیستی خشتەکان


خشتەی 1: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت و تێکڕای ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ یەك کێڵگە و تێکڕای ڕووبەری یەك هۆڵ و توانای یەك هۆڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 6
خشتەی 2 : کێڵگەکانی مریشکی گۆشت بە پێ تۆپۆگرافی زەوی (جوگرافیای زەوی) و چۆنیەتی زەوی بەکارهاتوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 8
خشتەی 3: دووری کێڵگەکانی پەلەوەر(مەتر) لە یەکتر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 9
خشتەی 4: جۆری خاوەنداریەتی کێڵگە (تایبەت و هاوبەش و کرێ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 9
خشتەی 5: جۆری خاوەنداریەتی زەوی کێڵگەکانی پەلەوەر (مولك و گرێبەستی کشتوکاڵی و تایبەت و کرێ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 10
خشتەی 6: ئاستی خوێندنی کرێکارەکان لە کێڵگەکانی پەلەوەرلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 10
خشتەی 7: شارەزای خاوەنی کێڵگەکان سەبارەت بە پیشەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 11
خشتەی 8: ڕەگەزنامەی کرێکاری کێڵگەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪) ........ 11
خشتەی 9: تێکڕای کێشی یەك مریشکی فرۆشراو و تێکڕای نرخی یەك کێلۆگرام و ژمارەی مریشکی فرۆشراو و بڕی مریشکی فرۆشراو و بەهای مریشکی فرۆشراو و ڕێژەی مریشکی مردوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 13
خشتەی 10: تێکڕای تێچوون و داهاتی بەخێوکردنی یەك مریشکی گۆشت (دینار) لە کێڵگەکانی پەلەوەر بە پێ تێکڕای کێش لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 15
خشتەی 11: تێکڕای تێچوون و داهاتی یەك کیلۆگرام (د.ع) لە مریشکی گۆشت لە کێڵگەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 16
خشتەی 12: کۆی گشتی تێچوون و داهاتی کێڵگەکانی پەلەوەر(1000 د.ع) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ........ 18
خشتەی 13: ژمارەی کێڵگەکانی عەلەشیش و تێکڕای کێش و تێکڕای نرخی فرۆشتن و ژمارەی عەلەشیشی فرۆشراو و کێشی گشتی عەلەشیشی فرۆشراو و بەهای عەلەشیشی فرۆشراو و ڕێژەی عەلەشیشی مردوو لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2013 ........ 21
خشتەی 14: تێچوون و داهات بە گوێرەی یەك عەلەشیش و یەك کیلۆگرام لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2013 (د.ع) ........ 21
خشتەی 15: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن و ژمارەی جووجکەی وەرگیراو و تێکڕای بەرهەمی یەك مریشك (کگم) و ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لە وەجبەیەکدا لە گەڵ نرخی فرۆشتنی یەك هێلکە (د.ع) بۆ ساڵی 2013 ........ 22


## لیستی نەخشەکان


نەخشەی 1: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 ........ 7
نەخشەی 2: بڕی مریشکی فرۆشراو (تۆن) لە هەرێمی کوردستان لە سالی 2013 ........ 14
نەخشەی 3: تێچوونی گشتی (1000 د.ع) کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 ........ 19
نەخشەی 4: داهاتی گشتی (1000 د.ع) کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لە سالی 2013 ........ 20

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

## 1. پێشەکی

دەستەی ئاماری هەرێم لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2014 وەکو لایەنی بەرپرس لە ئەنجامدانی ڕووپێو و بڵاوکردنەوەی نیشاندەرە ئامارییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕووپێوێکی گرنگی ئەنجام دا. لەم ڕووپێوەدا لە ماوەی 30 رۆژی کارکردن سەردانی تەواوی کێڵگەکانی پەلەوەر کرا و فۆرمی تایبەت لە لایەن توێژەری مەیدانی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگاکان پڕکرایەوە بە مەبەستی وەرگرتنی چەند نیشاندەرێکی ئابووری سەبارەت بە ئاستی بەرهەم و تێچوونەکانی کێڵگە. بۆ یەکەم جار لەم ڕووپێوەدا ئامێری GPS بەکارهاتووە کە شوێنی جوگرافی کێڵگەکانی دیاری کردووە.

ئەم ڕووپێوە گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی شێوازی ئەنجامدانی ڕووپێو کە بە شێوازی گشتگر(شامل) ئەنجام دراوە کە دوای پرۆسەی ووردبینی داتاکان ڕاستەوخۆ کاری شی کردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بێ ئەوەی ژمارەکان لە سەر ئاستی نموونە (عینە) گەورە بکرێن کە ئەمەش ڕێژەی هەڵە دادەبەزێنێت بۆ ڕێژەیەکی کەمتر.

ئەم ڕووپێوە دەتوانێت یارمەتی هەموو ئەم لایەنانە بدات کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بە کەرتی بەخێوکردنی پەڵەوەر لە هەرێمی کوردستان.

سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم دەکەین کە هاوکار بوون بۆ سەرخستنی ئەم ڕووپێوە و بەشداربوون لە دانانی فۆرمی ڕووپێو و دابین کردنی چوارچێوەی ڕووپێو و هەماهەنگی لە کاتی سەردانی مەیدانی توێژەرەکان.

## 2. ئامانجی ڕاپورت

ئامانجی ئەم ڕووپێوە بریتی یە لە دابین کردنی داتا و زانیاری بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و گشت کەس و لایەنێك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەیە بە سامانی بەخێوکردنی پەلەوەر.

ناوەرۆکی ڕاپۆرت لە سەر بنچینەی دابین کردنی نیشاندەری ئابووری داڕێژراوە تاوەکوو لە ئەنجامی بەدواداچوونی ژمارەکان و نیشاندەرەکان بارودۆخی ڕاستەقینەی کێڵگەکان بخاتەڕوو. خستنەڕووی ئاستەکانی بەرهەم و جیاوازیەکانی تێچوون بۆ داڕشتنی پلانێکی گونجاو و زانستی ئامانجی ئەم ڕاپۆرتەیە. هەنگاوی بەدواداچوون و لێکۆلینەوەی ژمارەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەم لایەنانەی کە لە کەرتی حکومی و تایبەت پەیوەندیان هەیە بە کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## 3. سوودەکانی ڕاپۆرت

سوودەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە چەند نیشاندەرێکی سەرەکی کورت کراوەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1. ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان
2. تێچوون و داهاتی یەك کیلۆگرام لە مریشکی گۆشت
3. تێچوون و داهاتی یەك مریشکی گۆشت بە پیٚ ی تێکڕای کێشەکەی
4. بەرهەمی مریشکی گۆشت و هێلکەی خواردن لە گەڵ تێکڕای کێشی مریشکەکان

## 4. ڕێبازی ڕاپۆرت

### 1.4 شێوازی ئەنجامدانی ڕووپێو

ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر ڕووپێوێکی ساڵانەیە کە داتای 12 مانگی ساڵ بە تەواوی دەخاتەڕوو. ئەم ڕووپێوە بە شێوازی مەیدانی گشتگر ئەنجام دراوە. بە مەبەستی وەرگرتنی داتا و زانیاری، تیمەکانی ئاماری پارێزگاکان سەردانی تەواوی کێڵگەکانیان کردووە لە هەرێمی کوردستان، هەورەها توێژەرەکان ڕاستەوخۆ پرسیاریان ئاراستەی خاوەن کێڵگەکان کردووە و لە کاتی ئامادە نەبوونی خاوەنی کێڵگە پرسیار لە برای خاوەن یان کەسێکی نزیك لەو کراوە.

### 2.4 ماوەی ڕووپێو

کاری مەیدانی ئەم ڕووپێوە 30 ڕۆژی کارکردنی خایاند بۆ کۆدنەوەی زانیاریەکان لە 2014/6/15 تاوەکو 2014/7/30

### 3.4 کادری ڕووپێو

ژمارەی تیمەکانی بەشداربوو لەم ڕووپێوە دا بریتی بوو لە 17 تیم کە توێژەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکان بوون و دابەش بوونیان بەم جۆرە بوو: 6 تیم بۆ پارێزگای هەولێر، 6 بۆ پارێزگای سلێمانی، 3 بۆ پارێزگای دهۆك، و 2 تیم بۆئیدارەی گەرمیان جگە لە سەرپەرشتیاری مەیدانی و ناوەندی کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێم بوون.

### 4.4 شی کردنەوەی داتا

دوای تەوابوونی کاری مەیدانی و کۆکردنی زانیاریەکان ، فۆرمەکانی ڕووپێو گەرێندرایەوە بۆ بەرێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکان بۆ تۆمار کردنی داتا. بۆ ئەم مەبەستە داتابەیسی ئەم ڕووپێوە لە دەستەی ئاماری هەرێم ئامادە کراوە.

دوای تەواو بوونی پرۆسەی تۆمارکردن، داتاکان لە بەشی ئاماری کشتوکاڵ کاری یەکخستنی داتا و خاوێنکردنەوە و ڕیزبەندی و وردبینی داتای بۆ ئەنجام درا، دواتر داتاکان چووە قۆناغی شی کردنەوە و دوای تەواو بوونی پرۆسەی شی کردنەوە لە خشتە و نەخشەی ئاماری ڕێکخرا و بە شێوەی ڕاپۆرت ئامادە کرا.

### 5.4 فۆرمی ڕووپێو

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر لە 4 بەشی سەرەکی پێك هاتووە کە ئەمانەن:

بەشی یەکەم : بریتی یە لە هەبووەکانی کێڵگەو ناوی پرۆژە و زانیاری تایبەت بە خاوەن کێڵگەو کرێکارەکان.

بەشی دووەم: پێك هاتووە لە زانیاری تایبەت بە تێچوونەکانی کێڵگە

بەشی سێ یەم : پێك هاتووە لە ئاستی بەرهەمەکانی کێڵگە

بەشی چوارەم : بریتی یە لە زانیاری تایبەت بە کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن

## 5. چەمکەکان

**گرنگترین چەمکەکان ئەمانەی خوارەوەن:-**

**سیستەمی ئاسایی: بریتی یە لەم سیستەمەی کە پەلەوەر لە سەرجەم قۆناغەکانی بەخێوکردن بە شێوازی کۆن پەروەردە دەکرێت ، هەروەها شێوازی بینای هۆڵەکان و ئامێرەکانی ساردکردن و گەرمکردن و تەواوی هەبووەکانی ناو هۆڵەکان ئاسایین (تقلیدین).**

**سیستەمی پێشکەوتوو: بریتی یە لەم سیستەمەی کە پەلەوەر لە سەرجەم قۆناغەکانی بەخێوکردن بە شێوازی نوێ و زانستی سەردەمیانە پەروەردە دەکرێت، هەروەها شێوازی بینای هۆڵەکان و ئامێرەکانی ساردکردن و گەرمکردن و تەواوی هەبووەکانی ناو هۆڵەکان بە تەکنەلۆجیای نوێ و ئۆتۆماتیك کاردەکەن.**

**چوارچێوە: بریتی یە لە چوارچێوەی کێڵگەکانی پەلەوەر لە ماوەی ساڵدا کە لە کۆمەڵێك خشتە پێك هاتووە کە زانیاری لە سەر ناوی پڕۆژە، ناوی خاوەن پڕۆژە ، ژمارەو مێژووی مۆڵەت، جۆری پڕۆژە، ژمارەی هۆڵ تێدایە.**

**تێکڕای ڕووبەری زەوی تەرخانکراو(دۆنم): بریتی یە لە تێکڕای ڕووبەری گشتی کێڵگە کە مۆڵەتی فەرمی هەبێت.**

**تێکڕای ڕووبەری هۆڵ(م$^2$): بریتی یە لە تێکڕا (معدل) ی ڕووبەری یەك هۆڵ.**

**توانای هۆڵ: بریتی یە لە قەبارەی وەرگرتن و بەخێوکردنی جوجکە بۆ یەك هۆڵ.**

**تێکڕا ی کێش(کگم): بریتی یە لە تێکڕای کێشی یەك مریشك لە کاتی فرۆشتن.**

**تێچوون: بریتی یە لە کۆی گشتی تێچوونەکان لە ماوەی وەجبەیەکی بەخێوکردن.**

**بەرهەم(تۆن): کۆی بەرهەمی پەلەوەری زیندوو دەگرێتەوە کە دەچێتە بواری فرۆشتن.**

## 6. یاساکان

**بۆ شی کردنەوەی داتاکان لەم ڕاپۆرتەدا چەند یاسایەك بەکارهاتوون کە لە خوارەوە باس کراون**

1. **ڕێژەی مریشکی مردوو= (مریشکی مردوو/ژمارەی مریشکی وەرگیراو) * 100**
2. **بەهای جوجکەی وەرگیراو= نرخی یەك جوجکە * ژمارەی جوجکەی وەرگیراو**
3. **بەهای ئالیکی بەکارهاتوو = نرخی یەك تۆن ئالیك * ئالیکی بەکارهاتوو(تۆن)**
4. **تیچوونی گشتی= بەهای جوجکەی وەرگیراو+ بەهای ئالیکی بەکارهاتوو + سووتەمەنی + کارەبا و مولیدە + دەرمان و ڤاکسین + کرێکار + ئاو +کرێ چاککردنەوە + هیتر**
5. **داهاتی گشتی= بەهای مریشکی فرۆشراو + بەهای پاشماوەی فرۆشراو**
6. **بەهای مریشکی فرۆشراو= ژمارەی مریشکی فرۆشراو * تێکڕای کێش(کگم) * تێکڕای نرخ**

## 7. ئەنجامەکانی ڕووپێو

دوای تەواو بوونی کاری مەیدانی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 و تەواوبوونی قۆناغی شیکردنەوە بۆ داتای ڕووپێو و دیاریکردنی نیشاندەرەکان لەو ڕووپێوە، توانای وەرگرتن و بەرهەم و تێکڕای تێچوون و داهاتی هەر کێڵگەیەك لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێم خرایەڕوو. گرنگترین ئەنجامەکان لەمانەی خوارەوە پێك هاتوون:

1. ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت: ژمارەی ئەم کێڵگانە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 1179 کێڵگە. ژمارەی ئەو کێڵگانەش کە لەم ماوەیەدا کاریان کردووە 888 کێڵگەیە و ڕێژەکەی دەگاتە ٪ 75 و زۆرترینی ئەوکێڵگانە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی.
2. تێکڕای ڕووبەری هۆڵێك لە هەر کێڵگەیەك: تێکڕای ئەم ڕووبەرە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 843م$^2$. گەورەترین ڕووبەر بۆ هۆڵێك لە ئیدارەی گەرمیانە کە تێکڕای ڕووبەرەکەی 951 م$^2$یە، ئیدارەی گەرمیان بەرزترین ئاستی توانای وەرگرتن تۆمار دەکات کە 10408جووجکەیە بۆ هۆڵێك. و لە هەرێمی کوردستان تێکڕای توانای وەرگرتنی جووجکە بۆ هەر هۆڵێك بریتی یە لە 9826جووجکە.
3. ڕێژەی دابەش بوونی کێڵگەکان بە پێی ناوچەی جوگرافیایی: ٪45 ی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ناوچە تەختاییەکانەوە، و ٪48 ئەو زەویانەشی کەبەکارهاتوون زەوی شیاوی کشتوکاڵین.
4. دووری کێڵگەکانی پەلەوەر لە یەکتر: دووری نێوان دوو کێڵگە بە دووری 500 م و کەمتر، زۆرترین ڕێژەی کێڵگەکان دەگرێتەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە ٪44ی دووریەکانی تر.
5. ئاستی خوێندەواری و ڕەگەزنامەی کرێکارەکان: ٪51 ی ئەو کرێکارانەی کە لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکان بێ بڕوانامەن، و لە ٪2 ی کرێکارەکان خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا و بەرزترن، ٪65 ی ئەو کرێکارانە هاونیشتمانین و ٪35 یان بیانین.
6. تێکڕای کێشی مریشکی فرۆشراو(معدل وزن): تێکڕای کێشی هەر مریشکێك لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 2.7 کیلۆگرام دەبێت.
7. تێکڕای تێچوونەکان و داهات لە هەر میشکێك: تێکڕای تێچوون لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بۆیەك مریشك بریتی یە لە 5856 دینار و داهاتی هەرمریشکێکی فرۆشراو دەگاتە 7859 دینار. لەسەرئاستی یەك کیلۆگرام لە هەرێمی کوردستان، تێکڕای تێچوونەکان بریتی یە لە 2149 دینار و داهاتی یەك کیلۆگرام لە مریشکی فرۆشراو دەگاتە نزیکەی 3152 دینار.
8. ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن: ژمارەی ئەم کێڵگانە لەهەرێمی کوردستان 5 کێڵگەیە، ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لەماوەی ساڵێکدا بۆ هەر وەجبەیەك نزیکەی 250 ملیۆن هێلکەیە.

بۆ ساڵی 2013 لە کۆی گشتی 468 کێڵگەی مریشکی گۆشت لە پارێزگای هەولێر 334 کێڵگە کاریان کردووە و 134 کێڵگەش کاریان نەکردووە، لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی 416 کێڵگەی پەلەوەر 345 کێڵگە کاریان کردووە و 71 کێڵگەش کاریان نەکردووە، پارێزگای دهۆك 204 کێڵگەی هەبووە و 150 کێڵگە کاریان کردووە و 54 کێڵگەش کاریان نەکردووە و لە ئیدارەی گەرمیان لە کۆی گشتی 92 کێڵگە 59 کێڵگە کاریان کردووە و 33 کێڵگەش کاریان نەکردووە و ئەمەش لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتە ڕوو.


گرنگترین هۆکار کە بەشێك لە کێڵگەکانی مریشکی گۆشتی لە کارکردن وەستاندووە بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کێڵگەکان بە هۆی ماستەرپلانی شارەکان، کۆنی و نەشیاوی بەشێك لە هۆڵەکانی بەخێوکردن، لە گەڵ هۆکارێکی گرنگ کە نەبوونی سیستەمێکی ڕێك و پێکە بۆ وەرگرتنی مریشکەکان و ئامادەکردنیان بە شێوەی مریشکی بەستوو و بە بازارکردنیان کە خاوەن کێڵگە تێیدا سوودمەند بێت. ئەمانە و زۆر هۆکاری تریش وای کردووە کە لە هەرێمی کوردستان لە کۆی گشتی 1179 کێڵگە 888 کێڵگە لە ساڵی 2013 بەرهەمی مریشکیان هەبێت و 291 کێڵگەش بێ بەش بن لە بەرهەم هێنان.

تێکڕای ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 3.8 دۆنم دەبێت. زۆرترین ڕووبەری تەرخانکراو دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بە تێکڕای 4.3 دۆنم بۆ یەك کێڵگە و کەمترین ڕووبەریش دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری 1.6 دۆنم بۆ یەك کێڵگەی مریشکی گۆشت. تێکڕای ڕووبەری یەك هۆل لە کێڵگەکانی مریشکی گۆشت لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 843 م$^2$ دەبیت، هەروەها تێکڕای توانای یەك هۆل لە هەرێمی کوردستان 9826 جووجکە دەبێت.

**خشتەی 1: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت و تێکڕای ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ یەك کێڵگە و تێکڕای ڕووبەری یەك هۆل و توانای یەك هۆڵ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013**

| پارێزگا | ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر کە کار دەکەن | ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر کە کار ناکەن | تێکڕای ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ یەك کێڵگە(دۆنم) | تێکڕای ڕووبەری یەك هۆڵ (م2) | توانای یەك هۆل (جووجکە) |
|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 150 | 54 | 3.4 | 801 | 9759 |
| سلێمانی | 345 | 71 | 4.3 | 898 | 10323 |
| هەولێر | 334 | 134 | 3.8 | 785 | 9239 |
| گەرمیان | 59 | 33 | 1.6 | 951 | 10408 |
| هەرێمی کوردستان | 888 | 291 | 3.8 | 843 | 9826 |

نەخشەی 1: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی گۆشت لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013



لە خشتەی ژمارە (2) کێڵگەکانی مریشك بە پێ ی شوێنی جوگرافی و چۆنیەتی ناوچەکانیان نیشان دراون .
زۆرترین کێڵگەی پەلەوەر دەکەوێتە ناوچە تەختاییەکان بە ڕێژەی 45٪ و بە پلەی دووەم ناوچەکانی گردەلان و دواتر ناوچە شاخاویەکان دێت، لە گەڵ هەڵکەوتەی کێلگەکانی پەلەوەر و دابەش بوونیان بۆ سێ جۆری زەوی (شیاوی کشتوکاڵی، پاوان، بەردەلان)
لە هەرێمی کوردستان زۆرترین ڕووبەری بەکارهاتوو بۆ ئەم مەبەستە زەوی شیاوی کشتوکاڵیە بە ڕێژەی 48٪ کە ئەمەش ئاماژەیەکی باش نیە لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە زەویانە دەکرێت بۆ مەبەستی چاندنی بەروبوومەکانی تری کشتوکاڵی بەکاربهێندرێت.

خشتەی 2 : کێڵگەکانی مریشکی گۆشت بە پێ تۆپۆگرافی زەوی (جوگرافیای زەوی) و چۆنیەتی زەوی بەکارهاتوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013

| پارێزگا | تۆپۆگرافی زەوی (٪) | | | چۆنیەتی زەوی(٪) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەختایی | گردەڵان | شاخاوی | زەوی شیاوی کشتوکاڵی | پاوان | بەردەلان |
| دهۆك | 60 | 18 | 22 | 66 | 2 | 32 |
| سلێمانی | 37 | 53 | 10 | 39 | 26 | 37 |
| هەولێر | 46 | 28 | 25 | 52 | 34 | 14 |
| گەرمیان | 34 | 54 | 12 | 37 | 9 | 54 |
| هەرێمی کوردستان | 45 | 38 | 17 | 48 | 18 | 34 |

یەکێك لەم هۆکارانەی کە کاریگەری خراپی هەیە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی لە نێوان کێڵگەکان، نەبوونی دووری پێویستە بە پێ ی ستانداردێکی زانستی کە یارمەتی کێڵگەکان دەدات بۆ ئەوەی لە ژینگەیەکی سەلامەت و دوور لە نەخۆشی کاربکەن، بۆیە بەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتەرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕێنمایی تایبەتی هەیە بۆ گشت هەنگاوەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر.

لە خشتەی ژمارە (3) دووری نێوان كێڵگەكانی مریشكی گۆشت لە هەرێمی كوردستان بۆ چوار تویێژ دابەش كراوە كە ئەمانەن ( كەمتر لە 500 م، 501-1000م، 1001-3000م، 3001-9000م) كە 44%ی كێڵگەكان دووری نێوانیان لەتوێژی (كەمتر لە 500م)دایە كە زۆرترین ڕێژەی دووری نێوان كیلگەكان پێك دەهێنێ.

لە پارێزگای دهۆك 78% ی كێڵگەكان دووریان لە نێوان 500م دایە زۆرترین ڕێژەی كێڵگەی هەیە، بەلأم لە پارێزگای سلێمانی 20% ی كێڵگەكان دووریان لەنێوان 500م دایە بۆیە كەمترین ڕێژەی كێڵگەی تۆمار كردووە و لە توێژی (3001 - 9000م) زۆرترین ڕێژەی كێڵگەی تۆمار كردووە بە ڕێژەی 12% كە نیشانەیەكی زۆر باشە بە بەراوورد لەگەڵ پارێزگاكانی تری هەرێم.

**خشتەی 3: دووری كێڵگەكانی پەلەوەر(مەتر) لە یەكتر لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| توێژ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی كوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| كەمتر لە 500 م | 44 | 20 | 78 | 32 | 44 |
| 501--- 1000 م | 30 | 37 | 18 | 56 | 35 |
| 1001--- 3000 م | 20 | 30 | 3 | 12 | 16 |
| 3001--- 9000 م | 7 | 12 | 2 | 0 | 5 |

لە خشتەی ژمارە (4) و (5) دا جۆری خاوەنداریەتی بۆ كێڵگەكانی مریشكی گۆشت لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان نیشان دراوە. زۆرترین جۆری خاوەنداریەتی كێڵگەو خاوەنداریەتی زەوی لە سەر ئاستی هەرێمی كوردستان بۆ تایبەت [1] و مولك دەگەرێتەوە لە لایەن خاوەنەكانیان كە هەریەكێك بە جیا ڕێژەكەی 73٪ و 58٪ دەبێت

**خشتەی 4: جۆری خاوەنداریەتی كێڵگە (تایبەت و هاوبەش و كرێ) لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بۆ بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| جۆری خاوەنداریەتی كێڵگە | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی كوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| تایبەت | 79 | 59 | 86 | 71 | 73 |
| هاوبەش | 7 | 14 | 2 | 12 | 9 |
| كرێ | 14 | 28 | 12 | 17 | 18 |

[1] بریتی یە لەم زەویانەی كە خاوەنی تایبەتی خۆی هەیە بەلأم حكومەت تاپۆی نەكردووە

**خشتەی 5: جۆری خاوەنداریەتی زەوی کێڵگەکانی پەلەوەر (مولك و گرێبەستی کشتوکاڵی و تایبەت و کرێ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| جۆری خاوەنداریەتی زەوی | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| مولك | 74 | 50 | 67 | 42 | 58 |
| گرێبەستی کشتوکاڵی | 21 | 43 | 27 | 46 | 34 |
| تایبەت | 3 | 3 | 5 | 3 | 4 |
| کرێ | 3 | 5 | 0 | 9 | 4 |

لە خشتەی ژمارە (6) بە ڕێژە ئاستی خوێندن بۆ کرێکاری کێڵگەکانی مریشکی گۆشت خراوتەروو.
ئاستی خوێندەواری کرێکار بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەندرێت بۆ سەرخستن و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان کە تێیدا کرێکار دەتوانێت سوود لە زانستەکەی ببینێت لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی ناجێگیردا بەڵام لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین ڕێژەی خوێندەواری کرێکارەکان دەکەوێتە توێژی ئەو کەسانەی کە تەنها توانای خوێندنەوە و نوسینیان هەیە کە ڕێژەکەی دەگاتە 51٪، ئەمەش لاوازی ئاستی خوێندەواری کرێکارەکان لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات.

**خشتەی 6: ئاستی خوێندنی کرێکارەکان لە کێڵگەکانی پەلەوەرلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| ئاستی خوێندنی کریکارەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 10 | 29 | 16 | 8 | 16 |
| دەخوێنێتەوەودەنوسێت | 41 | 49 | 44 | 72 | 51 |
| سەرەتایی | 34 | 16 | 27 | 14 | 22 |
| ناوەندی | 7 | 3 | 9 | 3 | 6 |
| ئامادەیی | 5 | 1 | 3 | 2 | 3 |
| پەیمانگا | 2 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| بەکالۆریۆس و بەسەرەوە | 1 | 1 | 0 | 0 | 1 |

لە خشتەی ژمارە (7) شارەزایی خاوەن کێڵگەکان نیشان دراوە کە زۆرترین ڕێژە لە هەرێمی کوردستان بۆ شارەزایی خاوەنەکان دەکەوێتە توێژی (1 - 10) ساڵ بە ڕێژەی 73٪ و لە توێژەکانی دواتر ئەم شارەزاییە ڕێژەکەی بەرەو کەمبوون دەچێت کە توێژی (31 – 40 ) کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە بە ڕێژەی 1%

**خشتەی 7: شارەزای خاوەنی کێڵگەکان سەبارەت بە پیشەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| توێژ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 - 10 ساڵ | 64 | 81 | 62 | 83 | 73 |
| 11 - 20 ساڵ | 23 | 13 | 36 | 12 | 21 |
| 21 - 30 ساڵ | 9 | 5 | 1 | 5 | 5 |
| 31 - 40 ساڵ | 4 | 1 | 1 | 0 | 1 |

لە خشتەی (8) دا ڕەگەزنامەی کرێکارەکان دیاری کراوە، کرێکاری هاونیشتمانی 65٪ و کرێکاری بیانی 35٪ ی کرێکارەکان لە هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت. بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی پەلەوەر، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، پارێزگای هەولێر و دهۆك لە ڕێژەی کرێکاری هاونیشتمانی و بیانی یەکسانن بە بەراوورد لە گەڵ ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی کە ڕێژەی کرێکاری بیانی تێیدا ڕێژەکەیان کەمترە.

**خشتەی 8: ڕەگەزنامەی کرێکاری کێڵگەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 (٪)**

| ڕەگەزنامەی کرێکار | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| هاونیشتمانی | 56 | 73 | 56 | 98 | 65 |
| بیانی | 44 | 27 | 44 | 2 | 35 |

لە بەخێوکردنی پەلەوەر تێکڕای کێش گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بەڵام کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان بە گشتی لە شێوازی بەخێوکردن سیستەمی کۆن پەیرەو دەکەن کە ئەمەش زیانی تەندروستی بۆ بەکاربەرو زیانی ئابووری هەیە بۆ خاوەن کێڵگەکان کە لە ماوەی بەخێوکردن دا تووشی گرفتی زۆر دەبن لە ئەنجامی نەبوونی شێوازێکی زانستی بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر.

بێگومان زۆر هۆکار هەیە کە کار دەکاتە سەر گەشەی پەلەوەر کە هەندێك لە هۆکارەکان زیانی تەندروستیان هەیە و مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکەن. بەڵام ئەگەر بەسیستەمێکی سەردەمیانە هۆڵەکان ئامادەبکرێن و سیستەمەکانی ئالیك و ئاو و ساردکردن و گەرمکردن و سیستەمی پاڵاوتنی هەوای ناو هۆڵەکان جگە لە بەکارهێنانی ئالیکی جۆری باش و بە کارهێنانی دەرمان و ڤاکسین لە جۆری باش لە کاتی خۆی ، ئەمانە و زۆر هۆکاری تریش دەتوانن ئاستی بەرهەمی پەلەوەر بەرز بکەنەوە، هەروەها پێویستە سەربرخانەی پێشکەوتوو هەبێت تاوەکوو خاوەن کێڵگە بەرهەمەکانیان لە کاتێکی گونجاو بە بێ دواکەوتن بگەینن بە بازار و تووشی زیانی ئابووری نەبن و بەرهەمێکی تەندروست پێشکەش بکەن.

ئەوەی گرنگە پێویستە هەوڵ بدرێت سیستەمی بەخێوکردنی کێڵگەکان بگۆردرێت تا گەڵ ڕێنمایەکانی ڤێتنەرنەری یەکبگرێتەوە و تێکڕای کێش دابەزێنێت بۆ (2 کگم و کەمتر) و ماوەی بەخێوکردن بۆ 30 تا 40 ڕۆژ کەمبکرێتەوە کە لە ئەنجامدا خاوەنی کێڵگەکان کەمتر تووشی زیان دەبن و ڕێژەی مردنی مریشکەکانیان دادەبەزێت بۆ ئاستێکی زۆر کەمتر. بو نموونە لە خشتەی ژمارە 9 دا دەردەکەوێت کە تێکڕای کێش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سیستەمی بەخێوکردن لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی کۆنە جگە لەم کێڵگانەی کە بە سیستەمی پێشکەوتوو[2] کاردەکەن لە پارێزگای هەولێر کە بۆ بەخێوکردنی مریشکەکانیان شێوازی زانستیان بەکارهێناوە لە تەواوی قۆناغەکان. بۆیە دەبیندرێت تێکڕای کێشیان گەیشتۆتە 1.6 کگم و ڕێژەی مردنی 8٪ دەبێت کە ئەمەش کەمترین ڕێژەی مردنە لە هەرێمی کوردستان بەڵام لە پارێزگای هەولێر(سیستەمی ئاسایی) لە کۆی 333 کێڵگە لە ماوەی ساڵی 2013 ڕێژەی مردنی مریشکەکان نزیکەی 25٪ دەبێت کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و خاوەن کێڵگەکان تووشی زیانی ئابووری دەکات. هەروەها بۆپارێزگاکانی تر و ئیدارەی گەرمیان ڕێژەی مردنی مریشکەکانیان نزیکەی 16٪ دەبێت.
کۆی گشتی بەرهەم لە ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 99368 تۆن دەبێت و تێکڕای نرخی یەك کیلۆگرام لە گۆشتی مریشك لە هەمان ساڵ گەیشتۆتە 2834 دینار و بەهای گشتی مریشکی فرۆشراو لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 282 ملیار دینار.


[2] سیستەمی پێشکەوتوو: بریتی یە لەم سیستەمەی کە پەلەوەر لە سەرجەم قۆناغەکانی بەخێوکردن بە شێوازی نوێ و زانستی سەردەمیانە پەروەردە دەکرێت، هەروەها شێوازی بینای هۆڵەکان و ئامێرەکانی ساردکردن و گەرمکردن و تەواوی هەبووەکانی ناو هۆڵەکان بە تەکنەلۆجیای نوێ و ئۆتۆماتیك کاردەکەن.

**خشتەی 9: تێکڕای کێشی یەك مریشکی فرۆشراو و تێکڕای نرخی یەك کێلۆگرام و ژمارەی مریشکی فرۆشراو و بڕی مریشکی فرۆشراو و بەهای مریشکی فرۆشراو و ڕێژەی مریشکی مردوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013**

| پارێزگا | تێکڕای کێشی یەك مریشکی فرۆشراو (کگم) | تێکڕای نرخی یەك کیلۆگرام (دینار) | ژمارەی مریشکی فرۆشراو (1000) | بڕی مریشکی فرۆشراو (تۆن) | بەهای مریشکی فرۆشراو (1000) د.ع | ڕێژەی مریشکی مردوو (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 3.0 | 2,736 | 6,895 | 20,685 | 56,594,160 | 17 |
| سلێمانی | 3.1 | 2,987 | 10,870 | 33,697 | 100,652,939 | 16 |
| هەولێر (سیستەمی ئاسایی) | 2.4 | 2,821 | 9,864 | 23,674 | 66,783,226 | 25 |
| هەولێر (سیستەمی پێشکەوتوو) | 1.6 | 2,543 | 7,016 | 11,226 | 28,546,701 | 8 |
| گەرمیان | 2.8 | 3,084 | 2,158 | 6,042 | 18,634,762 | 12 |
| هەرێمی کوردستان | 2.7 | 2,834 | 36,803 | 99,368 | 281,609,195 | 16 |

**تێبینی: لە خشتەی ژمارە 9 دا پارێزگای هەولێر پێکهاتووە لە دوو بەش ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو سیستەمی جیاواز لە بەخێوکردنی پەلەوەر، بە هەمان شێوە لە خشتەی ژمارە (10 ، 11 ، 12) داتاکان بۆ هەر سیستەمێك بە جیا نیشان دراوە بۆ ئەوەی خوێنەر بە روونی هەست بە جیاوازی داتاکان بکات.**

### نەخشەی 2: بڕی مریشکی فرۆشراو (تۆن) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013



تێکڕای  تێچوون و داهاتی یەك مریشکی گۆشت لە سەرەتای بەخێوکردن تاوەکوو ڕۆژی فرۆشتن لە خشتەی ژمارە 10دا خراوەتەروو. لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان داهاتی یەك مریشکی فرۆشراو کە تێکڕای کێشەکەی 2.7 کگم دەبێت دەکاتە نزیکەی 7859 دینار و تێچوونەکەی دەکاتە نزیکەی 5856 دینار و لە پارێزگای سلێمانی تێچوونی مریشکێك کە تێکڕای کێشەکەی 3.1 کگم دەبێت دەکاتە نزیکەی 7394 دینار و لە پارێزگای هەولێر(سیستەمی ئاسایی) بۆ تێکڕای کێشی 2.4 کگم دەکاتە نزیکەی 6432 دینار و بۆ سیستەمی پێشکەوتوو بۆ تێکڕای کێشی 1.6 کگم دەکاتە نزیکەی 2802 دینار ولە پارێزگای دهۆك تێچوونی مریشکێك کە تێکڕای کێشی 3 کگم بێت دەکاتە نزیکەی 6235 دینار و ئیدارەی گەرمیان بۆ تێکڕای کێشی 2.8 کگم تێچوونی یەك مریشك دەکاتە 6415 دینار.

هەروەها زۆرترینی ئەو بەشەی کە تێچوونی زۆری هەیە بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر بە پێ ی زۆری تێچوونیان یەك لە دوای یەك، ئالیك، نرخی جووجکە،  تێچوونی سوتەمەنی و تێچوونی دەرمان و ڤاکسینەکان دەگرێتەوە.

**خشتەی 10: تێکڕای تێچوون و داهاتی بەخێوکردنی یەك مریشکی گۆشت (دینار) لە کێڵگەکانی پەلەوەر بە پێ ی تێکڕای کێش لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013**

| | تێچوون و داهاتی یەك مریشك | دهۆك | سلێمانی | هەولێر (سیستەمی ئاسایی) | هەولێر (سیستەمی پێشکەوتوو) | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێچوون | نرخی جوجکە | 888 | 1012 | 939 | 869 | 1169 | 975 |
| | بەهای ئالیکی بەکارهاتوو | 4123 | 4760 | 3957 | 1506 | 4194 | 3708 |
| | کرێکار | 300 | 307 | 323 | 37 | 240 | 241 |
| | سوتەمەنی | 311 | 457 | 401 | 86 | 339 | 319 |
| | کارەبا | 46 | 75 | 77 | 14 | 32 | 49 |
| | دەرمان | 290 | 391 | 339 | 282 | 335 | 327 |
| | ئاو | 73 | 123 | 123 | 0 | 17 | 67 |
| | چاککردنەوە | 135 | 175 | 186 | 4 | 46 | 109 |
| | تێچووی تر | 69 | 94 | 87 | 4 | 43 | 59 |
| | کۆی گشتی تێچوون | 6235 | 7394 | 6432 | 2802 | 6415 | 5856 |
| داهات | داهاتی یەك مریشك | 8208 | 9260 | 8181 | 4069 | 8635 | 7800 |
| | داهاتی پاشماوە | 0 | 80 | 69 | 9 | 27 | 59 |
| | کۆی گشتی داهات | 8208 | 9340 | 8250 | 4078 | 8662 | 7859 |

**لە خشتەی ژمارە 10 دا باس لە تێچوون و داهاتی یەك مریشك بە پێ ی تێکڕای کێشەکەی کرا، بەڵام بۆ خستنەرووی داتایەکی هەمەلایەن کە تایبەت بێت بە  تێچوون و داهات لە سەر ئاستی یەك کیلۆگرام لە مریشکی گۆشت خشتەی ژمارە 11 تەواوی ووردەکاریەکانی روون کردۆتەوە.**

**زۆرترین تێچوون بۆ یەك کیلۆگرام لە مریشکی گۆشت دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بە بڕی2383 دینار و هەروەها کەمترین تێچوون دەکەوێتە پارێزگای هەولێر(سیستەمی پێشکەوتوو) بە بڕی 1776 دینار. تێکڕای  تێچوون لە هەرێمی کوردستان دەکاتە 2149 دینار ، بە هەمان شێوە لە خشتەکە بە تەواوی داهاتەکان لە سەر ئاستی یەك کیلۆگرام خراوەتەروو بۆ ساڵی 2013.**

**خشتەی 11: تێکڕای  تێچوون و داهاتی یەك کیلۆگرام (د.ع) لە مریشکی گۆشت لە کێڵگەکانی پەلەوەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013**

| | تێچوون و داهاتی یەك کیلۆگرام لە مریشکی گۆشت | دهۆك | سلێمانی | هەولێر (سیستەمی ئاسایی) | هەولێر (سیستەمی پێشکەوتوو) | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێچوون | نرخی جوجکە | 303 | 330 | 333 | 508 | 422 | 379 |
| | بەهای ئالیکی بەکارهاتوو | 1321 | 1525 | 1371 | 1017 | 1502 | 1347 |
| | کرێکار | 94 | 97 | 112 | 22 | 88 | 83 |
| | سوتەمەنی | 107 | 145 | 144 | 49 | 121 | 113 |
| | کارەبا | 35 | 31 | 32 | 8 | 20 | 25 |
| | دەرمان | 64 | 128 | 122 | 167 | 118 | 120 |
| | ئاو | 26 | 39 | 43 | 0 | 10 | 24 |
| | چاککردنەوە | 46 | 57 | 65 | 3 | 17 | 38 |
| | تێچووی تر | 23 | 31 | 31 | 2 | 16 | 21 |
| | کۆی گشتی تێچوون | 2019 | 2383 | 2253 | 1776 | 2314 | 2149 |
| داهات | داهاتی یەك کیلۆگرام | 2736 | 2987 | 2821 | 2543 | 3083 | 3139 |
| | داهاتی پاشماوە | 0 | 25 | 26 | 6 | 9 | 13 |
| | کۆی گشتی داهات | 2736 | 3012 | 2847 | 2553 | 3092 | 3152 |

**تێکڕای تێچوون و داهات بە پێ ی یەك مریشك لە خشتەی ژمارە 10 و دواتر بە پێ ی یەك کێلۆگرام لە خشتەی ژمارە 11 دا خرایەروو بە جۆرێك کە لە خشتەی ژمارە 10 دا، تەواوی تێچوونەکان بۆ بەخێوکردنی یەك مریشك بە پێ ی تێکڕای کێشەکەی بۆ هەر پارێزگایەك نیشان دراوە و بە هەمان شێوە داهات و نرخی فرۆشتنی یەك مریشك بە پێ تێکڕای کێش خراوەتەروو.**

**هەوەها تێچوون و داهات بۆ یەك کیلۆگرام لە گۆشتی مریشك لە خشتەی ژمارە 11دا خراوەتەروو کە بڕی تێچوون بۆ هەر بەشێك بە جیا نیشان دراوە و جیاوازی ئاستی تێچوونەکان بۆ بەرهەمهێنانی یەك کێلۆگرام لەم خشتەیەدا خراوەتەروو. پاشان داهات و نرخی فرۆشتی یەك کیلۆگرام لە گەڵ بەهای پاشماوە خراوەتەروو.**

**لە خشتەی ژمارە 12 دا کۆی تێچوون و داهات بۆ هەر بەشێك خراوەتەروو کە تێیدا بەهای تێچوونی ئالیك لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان زۆرترین ئاست لە خۆدەگرێت کە دەکاتە نزیکەی 142 ملیار دینار و کەمترین بڕی تێچوون دەکەوێتە بەهای ئاو کە دەکاتە نزیکەی 361 ملیۆن دینار .**

**بۆ پارێزگاکانی تر زۆرترین تێچوون بۆ ئالیك، جووجکە ، و سووتەمەنی یەك بە دوای یەك دەبێت، تەنها لە پارێزگای هەولێر(سیستەمی پێشکەوتوو) تێچوونی دەرمان و ڤاکسینی بە پلەی دووەم دێت لە زۆری ڕێژەی تێچوونەکان.**

**زۆرترین داهات دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و کەمترین داهات دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان. هەر وەکوو لە خشتەکەدا نیشان دراوە.**


**کۆی گشتی داهاتی ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 282 ملیار دینار دەبێت.**

**ئەم گوژمەیەی کە لە خشتەکەدا نیشان دراوە تێچوون و داهاتە بۆ یەك ساڵی تەواو لە سەر ئاستی گشت کێڵگەکان.**


## خشتەی 12: کۆی گشتی تێچوون و داهاتی کێڵگەکانی پەلەوەر(1000 د.ع) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013

| | تێچوون و داهاتی گشتی | دهۆك | سلێمانی | هەولێر (سیستەمی ئاسایی) | هەولێر (سیستەمی پێشکەوتوو) | گەرمیان | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێچوون | ژمارەی جووجکە | 8,321,100 | 12,884,800 | 13,200,100 | 7,550,000 | 243,390 | 42,199,390 |
| | بەهای جوجکە | 6,132,984 | 10,953,111 | 9,296,170 | 6,036,074 | 250,380 | 34,575,479 |
| | بڕی ئالیکی بەکارهاتوو(تۆن) | 42,364 | 72,187 | 65,219 | 17,830 | 12,129 | 209,729 |
| | بەهای ئالیك | 27,397,234 | 50,075,071 | 38,651,013 | 12,007,435 | 8,870,624 | 141,800,956 |
| | سووتەمەنی | 1,953,632 | 4,665,021 | 3,969,524 | 594,320 | 710,175 | 52,321,404 |
| | کرێکار | 1,862,628 | 2,970,295 | 3,046,529 | 257,600 | 509,969 | 8,989,465 |
| | کارەبا | 180,655 | 628,587 | 709,382 | 93,840 | 63,391 | 1,752,116 |
| | دەرمان و ڤاکسین | 1,162,653 | 3,966,331 | 3,291,250 | 1,959,600 | 697,462 | 11,284,151 |
| | ئاو | 65,834 | 145,226 | 120,788 | - | 14,942 | 361,398 |
| | چاککردنەوە | 844,355 | 1,774,381 | 1,723,006 | 28,014 | 9,669 | 4,593,482 |
| | تێچوونی تر | 415,663 | 949,074 | 841,466 | 25,760 | 88,916 | 2,420,582 |
| | کۆی گشتی تێچوون | 40,015,638 | 76,127,097 | 61,649,127 | 21,002,643 | 11,215,527 | 258,099,034 |
| داهات | داهاتی مریشکی فرۆشراو | 56,594,160 | 100,652,939 | 66,783,226 | 28,546,701 | 18,634,762 | 281,609,195 |
| | داهاتی پاشماوە | - | 33,425 | 67,710 | 63,000 | 4,420 | 168,555 |
| | کۆی گشتی داهات | 56,594,160 | 100,686,364 | 66,850,936 | 28,609,701 | 18,639,182 | 281,777,750 |

نەخشەی 3: تێچوونی گشتی (1000 د.ع) کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013



**نەخشەی 4: داهاتی گشتی (1000 د.ع) کێڵگەکانی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان لە سالی 2013**



### خشتەی 13: ژمارەی کێڵگەکانی عەلەشیش و تێکڕای کێش و تێکڕای نرخی فرۆشتن و ژمارەی عەلەشیشی فرۆشراو و کێشی گشتی عەلەشیشی فرۆشراو و بەهای عەلەشیشی فرۆشراو و ڕێژەی عەلەشیشی مردوو لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2013

| پارێزگا | ژمارەی کێڵگەکانی عەلەشیش | تێکڕایکێشی عەلەشیش (کگم) | تێکڕای نرخی یەك کگم (دینار) | ژمارەی عەلەشیشی فرۆشراو | کێشی گشتی عەلەشیشی فرۆشراو (تۆن) | بەهای عەلەشیشی فرۆشراو (1000 د.ع) | ڕێژەی عەلەشیشی مردوو (٪) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 7 | 9.8 | 4,488 | 31,910 | 315 | 141,775 | 22 |

### خشتەی 14: تێچوون و داهات بە گوێرەی یەك عەلەشیش و یەك کیلۆگرام لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2013 (د.ع)

| | تێچوون و داهات عەلەشیش | تێچوون و داهاتی یەك عەلەشیش | تێچوون و داهاتی یەك کیلۆگرام |
|---|---|---|---|
| تێچوون | یەك جوجکە | 6,006 | 628 |
| | تێچوونی ئالیك | 12,959 | 1,362 |
| | سووتەمەنی | 2,076 | 213 |
| | کرێکار | 1,257 | 133 |
| | کارەبا | 239 | 25 |
| | دەرمان و ڤاکسین | 1,468 | 161 |
| | ئاو | 0 | 0 |
| | چاککردنەوە | 710 | 74 |
| | تێچوونی تر | 355 | 38 |
| | کۆی گشتی تێچوون | 25,070 | 2,634 |
| داهات | داهاتی عەلەشیشی فرۆشراو | 43,810 | 4,488 |
| | داهاتی پاشماوە | 90 | 10 |
| | کۆی گشتی داهات | 43,900 | 4,498 |

**خشتەی 15: ژمارەی کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن و ژمارەی جووجکەی وەرگیراو و ژمارەی جووجکەی وەرگیراو و تێکڕای بەرهەمی یەك مریشك (کگم) و ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لە وەجبەیەکدا لە گەڵ نرخی فرۆشتنی یەك هێلکە (د.ع) بۆ ساڵی 2013**

| پارێزگا | ژمارەی کێڵگە | ژمارەی جووجکەی وەرگیراو | تێکڕای بەرهەمی یەك مریشك/ کگم | ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لە وەجبەیەکدا | نرخی فرۆشتنی یەك هێلکە /دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 3 | 960,000 | 20 | 77,480,000 | 122 |
| سلێمانی | 1 | 355,332 | 25 | 63,295,200 | 117 |
| دهۆك | 1 | 779,165 | 20 | 106,920,000 | 117 |
| هەرێمی کوردستان | 5 | 2,094,497 | 22 | 247,695,200 | 119 |

بۆ ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان، 5 کێڵگە هێلکەی خواردنیان بەرهەم هێناوە کە 3 لە کێڵگەکان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و 2 کێڵگەکەی تر لە پارێزگای سلێمانی و دهۆك کاریان کردووە بەڵام لە سنووری ئیدارەی گەرمیان کێڵگەی مریشکی هێلکەی خواردن بوونی نیە.

تێکڕای بەرهەمی هێلکەی یەك مریشك لە پارێزگای هەولێر 20 کگم و پارێزگای سلێمانی 25 کگم و پارێزگای دهۆك 19.5 کگم دەبێت لە ماوەی تەمەنی بەرهەمهێناندا.

لە هەرێمی کوردستان تێکرای بەرهەمی هێلکەی یەك مریشك لەم ماوەیە 22 کگم دەبێت.

کۆی گشتی ژمارەی مریشکی هێلکە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 دەگاتە نزیکەی 2 ملیۆن مریشك کە بەرهەمەکەی نزیکەی 250 ملیۆن هێلکە دەبێت.

## پاشکۆ: فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر2013

دەستەی ئاماری هەرێم

بەشی ئاماری کشتوکاڵ

فۆرمی نموونەی / 1

ژمارەی تیم

زنجیرەی فۆرم

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەری گۆشت: هەبووەکانی کێڵگە( موجودات الحقل ) / 2013

پارێزگا ........ کۆد

قەزا ........ کۆد

ناحیە ........ کۆد

کەرت ........ کۆد

گوند ........ کۆد

هێڵی درێژی ( x ) ........ هێڵی پانی( y ) ........ ناوی پۆینت ........ ژمارەی پارچە زەوی ........

تۆپۆگرافی زەوی ........ 1تەختایی 2گردەلان 3شاخاوی

جۆنیەتی زەوی ........ 1زەوی شیاوی کشتوکاڵی 2پاوان(لەوەڕگا) 3بەردەلان

جۆری کێڵگە ........ 1مریشکی گۆشت 2مریشکی هێلکەی خواردن 3دایکانەی هێلکەی ترووکاندن 4دایکانەی هێلکەی خواردن

ناوی خاوەندار ........ ژمارەی مۆبایل ........ شارەزای خاوندار لە پرۆژەکە چەند ساڵە ........ ناوی پرۆژە ........

ژمارەی مۆڵەتی کێڵگە ........ ساڵی دامەزراندن ........ تواناى پرۆژە ( ووزە ) ........ ژمارەی هۆڵەکان ........

ڕووبەری زەوی تەرخانکراو / دۆنم ........

دووری کێڵگە لە نزیکترین کێڵگەی پەلەوەر یان ئاژەڵ بە مەتر ........ م

جۆری خاوەنداریەتی زەوی ........ 1موڵک 2گرێبەستی کشتوکاڵی 3تایبەت 4کرێ

جۆری خاوەنداریەتی کێڵگەکە ........ 1موڵکی تایبەت 2هاوبەش(شراکة) 3کرێ

| ڕووبەری هۆڵەکان | هۆڵی 1 | هۆڵی 2 | هۆڵی 3 | هۆڵی 4 | هۆڵی 5 | هۆڵی 6 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر/ م2 | | | | | | |

| تواناى هۆڵەکان | هۆڵی 1 | هۆڵی 2 | هۆڵی 3 | هۆڵی 4 | هۆڵی 5 | هۆڵی 6 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جووجکە / وەجبە | | | | | | |

دەستەی ئاماری هەرێم
بەشی ئاماری کشتوکاڵ

فۆرمی نموونەی /2

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەری گۆشت : هەبووەکانی کێڵگە( موجودات الحقل) / 2013

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئیم | |
| زنجیرەی فۆرم | |

| پارێزگا | | گۆد | قەزا | | گۆد | ناحیە | | گۆد | گەڕەک | | گۆد | گوند | | گۆد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | | | |

ئایا کێڵگەکە کار دەکات: 1بەڵێ 2نەخێر ← کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە بێنە

سیستەمی بەخێوکردن: 1بەخێوکردنی سەر زەوی 2بەخێوکردنی ناو قەفەس

سیستەمی ساردکردنەوە: 1ساردکەرەوە(مبردة) 2باد(فلالات)

سیستەمی گەرمکردنەوە: 1بێزنەر 2سۆبا(حاضنات) 3بێزنەر+ سۆبا

سیستەمی ئالیك: 1ئۆتۆماتیکی زەوی 2ئۆتۆماتیکی ئالیك 3دەستی

جۆری ئالیك: 1ئامادەکراو(جاهز) 2لە کێڵگەکە دروستکراوە

سەرچاوەی ئاو: 1بیری ئیرتیوازی 2بیری ئاسایی 3کانی 4ڕووبار 5هی تر

سەرچاوەی کارەبا: 1نیشتمانی 2مۆلیدەی کارەبا 3نیشتمانی + مۆلیدەی کارەبا

| هەبووەکانی کێڵگە | ئۆتۆمبیلی کێڵگە | هەواکێش(ساحبة) | مۆلیدەی کارەبای | تروومپای ئاو | سۆبا( حاضنات ) | مەنهۆڵی ئاوی ئۆتۆماتیك | مەنهۆڵی ئاوی دەستی | ئالیکدەری ئۆتۆماتیکی | ئالیکدەری دەستی | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | | | | | | | | | | |

کۆی ژمارەی کرێکارەکان لە (کێڵگە)

| | وەجبەی یەکەم | وەجبەی دووەم | وەجبەی سێیەم | وەجبەی چوارەم | وەجبەی پێنجەم | وەجبەی شەشەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کرێکاری کێڵگە | | | | | | |
| ژمارەی کرێکاری ڕۆژانە | | | | | | |
| ژمارەی خاوەنی کێڵگە | | | | | | |

| ئاستی خوێندنی کرێکارەکان | نەخوێندەوار | دەخوێنێتەوە و دەنوسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس و بەسەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کرێکار | | | | | | | |

| ڕەگەزنامەی کرێکار | هاووڵاتی | بیانی |
|---|---|---|
| ژمارەی کرێکار | | |

دەستەی ئاماری هەرێم

بەشی ئاماری کشتوکاڵ

فۆرمی نموونەی / 3

ژمارەی تیم

ژنجیرەی فۆرم

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەری گۆشت: تێچوونەکان / 2013

پارێزگا ______ کۆد ___ قەزا ______ کۆد ___ ناحیە ______ کۆد ___ کەرت ______ کۆد ___ گوند ______ کۆد ___

| ژمارەی وەجبەکان | وەجبەی یەکەم | وەجبەی دووەم | وەجبەی سێیەم | وەجبەی چوارەم | وەجبەی پێنجەم | وەجبەی شەشەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی جووجکەی وەرگیراو / 1000 | | | | | | |
| نرخی یەك جووجکە /دینار | | | | | | |
| ئالیکی بەکار هاتوو / تۆن | | | | | | |
| نرخی یەك تۆن ئالیك / دینار | | | | | | |
| تێچووی سووتەمەنی /دینار | | | | | | |
| تێچووی کارەبا و مولیدە / دینار | | | | | | |
| تێچووی دەرمان و ڤاکسین /دینار | | | | | | |
| تێچووی کرێکارەکان /دینار | | | | | | |
| تێچووی ئاو/ دینار | | | | | | |
| کرێ و چاککردنەوە/ دینار | | | | | | |
| تێچووی تر / دینار | | | | | | |
| کۆی گشتی تێچوونەکان / دینار | | | | | | |

فۆرمی نموونەی / 4

دەستەی ئاماری هەرێم

بەشی ئاماری کشتوکاڵ

ژمارەی تیم

زنجیرەی فۆرم

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەری گۆشت؛ بەرهەم ، تێکرای کێش/ 2013

| پارێزگا | کۆد | قەزا | کۆد | ناحیە | کۆد | کەرت | کۆد | گوند | کۆد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |

| ژمارەی وەجبەکان | وەجبەی یەکەم | وەجبەی دووەم | وەجبەی سێ یەم | وەجبەی چوارەم | وەجبەی پێنجەم | وەجبەی شەشەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەنی فرۆشتن / ڕۆژ | | | | | | |
| ژمارەی مریشکی فرۆشراو | | | | | | |
| ژمارەی مریشکی مردوو(الهلاكات) | | | | | | |
| تێکرای کێش (معدل وزن)/ کغم | | | | | | |
| کۆی گشتی کێشی مریشکەکان /کغم | | | | | | |
| نرخی فرۆشتن کغم / دینار | | | | | | |
| کۆی بەهای مریشکی فرۆشراو / دینار | | | | | | |
| بەهای پاشماوەی فرۆشراو / دینار | | | | | | |
| کۆی گشتی داهاتەکان (ایرادات)/ دینار | | | | | | |

دەستەی ئاماری هەرێم

بەشی ئاماری کشتوکاڵ

فۆرمی نموونەی 5/

ژمارەی شیم: 

زنجیرەی فۆرم: 

فۆرمی ڕووپێوی کێڵگەکانی پەلەوەر: مریشکی هێلکەی خواردن / 2013

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگا | | کۆد: |
| قەزا | | کۆد: |
| ناحیە | | کۆد: |
| کەرت | | کۆد: |
| گوند | | کۆد: |

ژمارەی جووجکەی وەرگیراو: 

مێژووی وەرگرتن ( تاریخ الاستلام ): ڕۆژ / مانگ / ساڵ

تەمەن / هەفتە: 

ژمارەی مریشکی مردوو ( الهلاكات ): 

ناڵیکی بەکارهاتوو لە هەڵفەتەیەك / تۆن: 

ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لە ڕۆژێکدا: 

ژمارەی هێلکەی بەرهەم هاتوو لە وەجبەیەکدا: 

ئێکرای بەرهەمی یەك مریشك ( معدل الانتاج )/ کغم: 

ئێکرای نرخی فرۆشتنی یەك هێلکە / دینار: 

وەزارەتی پلان دانان - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.net